# یادەوەرییەکانم لەگەڵ شەهیدی سەرکردە جەمال تاهیردا

لەساڵی 1967 لە نزیکەوە مامۆستا جەمال-م ناسی, بەهۆی کاری سیاسیەوە, ئەو کاتە هەموومان پارتی بووین, کە ناکۆکی کەوتە نێوان (م.س) و (بارزانی), لە ساڵی 1964دا ئێمە لەگەڵ باڵی (م.س)دا بووین.

مامۆستا جەمال لەوکاتەوەی خۆی ناسیوە, تێکەڵ بە بزوتنەوەی کوردایەتی بووە. دوای بەیانی (11)ی ئازاری ساڵی 1970, بارودۆخێکی ترسناك دروست بوو, بەرامبەر بە ڕێکخستنەکانی باڵی (م.س) زۆربەی برادەران بەرەو بەغداو شارەکانی خوارووی عێراق ڕۆیشتن, سەرکردایەتی ئەوکاتە داوایان لە هەندێ برادەر کرد لە ناو شاری سلێمانی بەخۆپاراستنەوە, بمێننەوە بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی ڕێکخستنەکان بکەن, لەوانە مامۆستا (جەمال عەبدول, مامۆستا جەمال تاهیرو (بەندە)و محەمەد مەمەندی دانساز), دواجار مامۆستا جەمال عەبدول بەرپرس کرا بۆ ئەوەی لیژنەی ناوچەی نهێنی پێکبهێنێ بۆ ئەوبارو دۆخە. لیژنەکە پێکهێنرا لە مامۆستا جەمال تاهیرو دکتۆر محەمەد سابیرو محەمەد مەمەندی دانسازو کاك جەباری موهەندیس.

من چاووم لەسەر بوو, خۆم حەشاردابوو, ڕۆژێك مامۆستا جەمال هاتە لام, وتی ڕێکخراوی کاسبکاران بە تۆ ئەسپێرین و ئەو بڕیارە ئەبێت جێبەجێ بکەی, منیش پەسەندم کردو دەست بەکاربووین و ڕێکخستنی ئاشکرامان بردەسەر ئاستی ڕێکخستنی نهێنیو پاکسازییەکی باشکرا.

مامۆستا جەمال یەکێك بوو لەوکادرە چالاکانەی دەورێکی کاریگەریی هەبوو بۆ گەشەو پێشکەوتنی ڕێکخستنەنهێنییەکان لەو کاتەدا. من ئاگاداری ئەم کارەمو مامۆستا جەمال عەبدول شاهیدی حاڵە.

ئەوەبوو بەهۆی هەندێ خەڵکی خێرخوازەوە, گفتوگۆ لەنێوان هەردووباڵی (م.سو بارزانی) دەستی پێکرد, ئەو خێرخوازانەش, شەهید (فاخر مێرگەسوری, عەزیز شەریف) بوون, بۆ ئەوەی هەردوو باڵەکە یەکبگرنەوەو ڕێکخستنەکانی ئاوێتە بکرێنەوە.

بۆ ئەومەبەستە, باڵی م.س کۆنگرەی بەست لە شاری بەغدا بەدوو قۆناغ, قۆناغی یەکەم ناوی حزبەکەیان گۆڕی بەپارتی شۆڕشگێڕی کوردستانو مەبدەئی یەکگرتنەوەش قبوڵکرا. منو مامۆستا جەمال تاهیر, د. محەمەد سابیرو مامۆستا جەمال عەبدولو د. کەمال خۆشناو و مامۆستا بەکر ماوەتی بەیەکەوەچووین بۆ کۆنگرە.

قۆناغی یەکەمی کۆنگرە لە بەغدا لەماڵێکدا لە (شارع فەلەستین) گیراو قۆناغی دووەم لەماڵی (مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد) بوو.

پێش ئەوەی بچین بۆ کۆنگرە, مامۆستا جەمال هاتە لام وتی (بۆچونێك هەیە ئەیانەوێ ئەم حیزبە حەل نەکەن, بەڵام ئەم حیزبە هیچ پێزێکی تیا نەماوە ڕێبازی ڕاستی خۆی ونکردووە, پێویستە هەموومان هەوڵبدەین لەکۆنگرە ئەم حیزبە حەل بکەین, دواجار لەتێکۆشەرەکانی کوردایەتی حیزبێکی پێشکەوتووی شۆڕشگێڕ دروست بکەین کە لەئاستی ئەم بارودۆخەدا بێت).

بێگومان لە قۆناغی دووەمی کۆنگرەدا, هەوڵماندا پارتی شۆڕشگێڕمان حەل کردوو کۆتاییمان بەتەمەنی هێنا.

بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی لەگەڵ بارزانیدا کرابوو, وا بڕیاردرابوو بەڕێژەی دیاری کراو لە لقو ناوچەکاندا, لەبرادەرانی ئێمە دابنرێ.

لەکۆنگرەدا, بەزۆربەی دەنگ, مامۆستا جەمال تاهیرو دکتۆر محەمەد سابیرو عەبدوڵڵا حاجی سەعید واتە (بەندە) دیاریکران بۆ لیژنەی ناوچەی سلێمانی د. کەمال خۆشناو, سمکۆ فەتحوڵڵا مامۆستا مەحمود مەلا عزەتو رەفعەت عەبدورەحمان (رەفعەتی مەلا) بۆ لقی 4, بەمجۆرە بۆ سەرجەم لقو ناوچەکان خەڵك دیاریکران, مامۆستا جەمال عەبدول بۆ مەکتەبی تەنفیزی مامۆستایان لەسەر ئاستی کوردستان. ئێمە هەرسێکمان لەناوچەی سلێمانی دەست بەکاربووین, پاش ماوەیەك من کرامە کارگێڕ,ناوچەی سلێمانی (م. جەمال تاهیر) کرا بە لێپرسراوی ڕێکخراوی دەربەندیخان, د. محەمەد سابیر بۆ ڕێکخراوی مامۆستایان, یان ڕێکخراوی خوێندکاران یەکێ لەو دوو ڕێکخراوەبوو.

مامۆستا جەمال زۆر چالاکانە گەشەی بەو ڕێکخراوەدا, پارتییەکان خۆیان دانیان بەوڕاستیەدا ئەنا.

ڕۆژی 1972/4/15 مامۆستا جەمال لە دەربەندیخان هاتەوە, هاتەلام لەبارەگای ناوچە, وتی ئەمەوێ بەیەکەوە دانیشین, وتم باشە ئێوارە وەرە بۆ ماڵەوە دائەنیشین بەیەکەوە نانەکەش ئەخۆین, ئێوارە هات ئێمە ئەو کات ماڵمان لای باخی شێخ لەتیفی دانساز بوو, کە دانیشتین وتی لەبیرتە پێش کۆنگرە چیم پێ وتی, بۆ پێکهێنانی حزبێکی شۆڕشگێڕی پێشکەوتوو؟ وتم چاکم لەیادە, وتی ئێستا ئەوکاتەیە ئێمە دواکەوتووین (کۆمەڵەی مارکسی لینینی) دروستبووە لە قۆناغی خۆ پەرەوەردەکردندایەو تۆشمان خستۆتە شانەیەکی ڕۆشنبیریەوە, وتم ئەی ئەم حزبەی ئێمە کاری تیائەکەین, وتی گرنگ نیە, ئەمەش ئەخەینە خزمەتی ئەوەوە.

چوومە شانەیەك لەگەڵ (عارف کەریم)و (پرشنگ محەمەد مەمەند) دەستمانکرد بە خۆپەروەردەکردن لەسەر (کتێبەکانی ماو) بەردەوام بووین, شانە پەروەردەییەکانی کۆمەڵە, بەرەو گەشەو فراوان بوون ڕۆیشتن. ئێمەش بەردەوام بووین لەگەڵیا, لای (پاراستن) ئاشکرا بووبوو کە ڕێکخستنی لەو جۆرە هەیە. کەوتبوونە چاودێریو گەڕان بەدوای تێکۆشەرە دێرینەکانی ئەو حزبەدا.

ساڵی 1974 شەڕ دەستی پێکردەوە, چووینە دەرەوە, مامۆستا جەمال تاهیر وەکو بەرپرس لە ڕێکخراوی دەربەندیخان خۆی و ڕێکخراوەکەی چونەدەرەوەی دەربەندیخان.

ناوچەی سلێمانی لە چوارتا بوو, م. جەمال کاك ئاسۆی شێخ نوری نارد بۆ لام, بۆ ئەوەی ژمارەیەك وەرەقەی بۆش بە مۆری ناوچەوە بنێرم بۆ برادەرانی کۆمەڵە, تا بتوانن لەناوچە ئازادکراوەکاندا هاتووچۆ بکەن منیش جێبەجێم کرد, پاش ماوەیەك من گوێزرامەوە بۆ کارگێڕی ناوچەی پێنجوینو لێپرسراوی ڕێکخراوی ناوشاری پێنجوین, م. جەمال ڕۆژێك هاتە لام وتی ئەو خوێندکارانەی لە ئۆردووگای خوێندکاران لە چوارباخی پێنجوین, بەشی زۆریان برادەرانی کۆمەڵەن هاوکارییان بکە, ئەو کاتە(شەهید جەباری حاجی رەشید)و کۆمەڵێ لەو برادەرانە لەوێ بوون.

ساڵی 1975 شۆڕشی ئەیلول هەرەسی هێناو ئاشبەتاڵ بوو, من ماڵەکەم لەشاری مەریوانی ئێران بوو, بەتەما نەبووم بێمەوە بۆ کوردستانی عێراق. مامۆستا جەمال جوابی بۆ ناردم کە تەوجیهاتی کۆمەڵە وایە ئەبێت هەمووماندەستبەجێ بگەڕێینەوە بۆ سلێمانی, ئەو برادەرانەی ئەیانناسی ئاگاداریان بکەین, من لەگەڵ کاك مەحمودی مەلا عزەت و نەجمەدین گلیو نورەدین عەبدورەحمان گەڕاینەوە بۆ سلێمانیو لەلایەن ئەمنی سلێمانیەوە فشارو چاودێری زۆریان خستە سەرمان و خراینە ژێر لێکۆڵینەوەوە ئێمە هاتینەوەو پەیوەندیمان لەگەڵ کۆمەڵە گرێ دایەوە.

باش ماوەیەك ڕژێم لە سلێمانیو ڕانیەو قەڵادزەو هەڵەبجەی شەهید (24) كەسیان دەست نیشان كرد بە بڕیاری (مجلس قیادە الپورە) بەماڵو منداڵەوە بگوێزرێنەوە بۆ سەماوە كە من یەكێك بووم لەوانە.

پاش ماوەیەك مامۆستا جەمال كەسێكی نارد بۆ لام و هەموو دەنگوباسی كوردستانو كۆمەڵەو دروستبوونی (ی.ن.ك) و هەندێ ناوی بۆ ناردبووم كە ئەوانە هاوڕێیانی كۆمەڵەن تا لەوێ پەیوەندییان پێوە بكەم. وەكو شێرۆی كەمال بەگ, كە ئێستا بەڕێوەبەری بەرگری شارستانیە, سالار حەمە ساڵح ماوەتی ئێستا لە زراعەیە, حەمە رەسول سابر دوكانداره لە بازاڕ, لەوێ خۆمان ڕێكخست.

ساڵی 1979 ئێمە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی كە هاتمەوە, مامۆستا جەمال هاتەلام ئەوكاتە سەركردایەتی ڕێكخستنی ناوخۆ هەبوو سەرپەرشتی ڕێكخستنەكانی كۆمەڵەی ئەكرد لەناو شارەكاندا. كە من گەڕامەوە كاك حەمە چاوشین لێپرسراوی سەركردایەتی ناوخۆ بوو.

بە بڕیاری ناوەندی كۆمەڵە ئەولا براو م. جەمال دانرا, كە هاتە لام, وتی (ئەوە تۆمانكردووە بە لێپرسراوی كۆمیتەی شەهید شەهاب), دواتر كۆمیتەكان بوون بەژمارە, ئەو كۆمیتەیە بوو بە ژمارە (4) پێشتر مامۆستا جەمال لێپرسراوی ئەو كۆمیتەیە بوو, كۆمیتەكەم وەرگرت, ئەندامانی ئەو كۆمیتەیە بریتیبوون لە مامۆستا محەمەد مەلا حسێن, مامۆستا حەمە ڕەشید, وەستا حەسەن (هاوڕێ خەلیل) هەرسێكیان لە ژیاندان, دواتر دوو كەسی تر هات (شەهید ئاراس مەحمود حاجی تۆفیق (هێرش)), مەحمود غولام (جوامێر). ئەمیش لە ژیاندایە. دەست بەكاربوون ئیتر من پەیوەندیم بە مامۆستا جەمال-ەوە نەما, ڕاستەوخۆ پەیوەندیم بەسەركردایەتی ناوخۆوە هەبوو, لەڕێگەی كاك تالب مۆریاسیەوە.

سەرەتای ساڵی 1980و لە مانگی (1)دا, لەلایەن ئەمنی سلێمانیەوە گیرامو ڕەوانەی ئەمنی عام كرام, پاش ئازارو ئەشكەنجەیەكی زۆر ئازادكرام, هیچم لەسەر ئیسپات نەبوو, چونكە خۆڕاگر بووم, دواتر من لەدائرەی زراعە فەرمانبەر بووم, حەمە ڕەزای بابەگورون زابت ئەمنی زراعە بوو كوژرا دووبارە ئەمنی سلێمانی منیان گرتو ماوەیەكی زۆر مامەوە ئینجا ئازاد كرام.

بەڵام مامۆستا جەمال ڕۆژانە سەردانی ئەكردم بۆ دووكانەكەم, بۆ ماڵەوە پەیوەندییەكی فراوانی هەبوو بە سەرجەم چینو توێژەكانی كۆمەڵی كوردەوارییەوە فەرمانبەران, كاسبكاران, خوێندكاران, ڕۆشنبیران. وە پیاوێكی خۆشەویست بوو لەناو خەڵكدا.

لەكاری نهێنیو سیاسیدا هێمنو لەسەرخۆو بەسەلیقە بوو, زۆربەی ئیشەگرنگەكان خۆی پێی هەڵئەستاو سەرپەرشتی پێشمەرگەی ناوخۆی ئەكردو چەكو تەقەمەنییەكانی ئەگواستەوەو سەرپەرشتی ئیشوكاری چاپەمەنی ئەكرد, بڵاوكراوەكانی بەسەر ڕێكخستنەكاندا دابەش ئەكرد. پیاوێكی بەویژدان بوو, كاتێك ئەهاتینە سەرئەوەی پیاو خراپێك بكوژرێ, ئەیوت بەناهەق بەسەر كەسدا مەچنو بچنە بنجوبناوانیو بزانن شایستەی ئەوەیە بكوژرێ یان نەو. ماندوو بوونو ترس لە گیانیا نەبوو,بەرامبەر بەهاوڕێكانی بەوەفا بوو. سەركردەیەكی شایستەو لێهاتوو بوو.

ئەوەی پێویستە بیڵێم ژنێك هەبوو بەناوی (دایكی كوردستان) كە ئەمە ناسناوەكەی بوو, خەسوی مامۆستا حەمە رەشید بوو كە ئەندامی كۆمیتەی (4)بوو ئەو كاتە ئەم ژنە هەموو بەریدەكانی سەركردایەتی ڕێكخستنی ناوخۆی بۆشارەكانی تر ئەهێناو ئەبرد, كە مامۆستا جەمال گیراو دوای ئەوەی ئازاد كرا, وتی: ئەزانی دایكی كوردستان منی بەگرتداوە, وتم شتی وا نابێت.. وتی كاتێ لە ئەمنی سلێمانی لە زیندان بووم, دایكی كوردستانم

بینی لەدوورەوە منی دەستنیشان ئەکرد, ئەمە قسەی مامۆستا جەمالی شەهید بوو. لای هەندێ برادەری تریش ئەم قسەیەی کردووە.

هەزار درووود بۆ گیانی پاکی شەهید جەمال تاهیرو سەرجەم شەهیدە نەمرەکانی کوردستان.

عەبدوڵڵای حاجی سەعید